# سەرکردەکان لەبەرامبەر دڵپاکدا شەرم بکەن!



دەریا رەواندزی

مرۆڤی مەزن هیچ کات چاوەڕوانی پاداشت و دەست خۆشی لەو سەرۆك و سەرکردانە ناکات کە بەردەوام بەرامبەر بەمرۆڤەکان و خاك و نیشتمان ناپاك بوون، چونکە مرۆڤی پاك و جوان هەمیشە خزمەتکردن بەمرۆڤایەتی و خاك و نیشتمانی بەلاوە گرنگترە لەپاداشتی ئەم جۆرە کەسانەی هەتا دوا هەناسەیان خزمەتی بێگانە دەکەن.
هونەرمەندی مەزن (جیهاد دڵپاك) کە بەدرێژایی تەمەن خزمەتی نەتەوەکەی کردوە بە دراما و شانۆ و فیلم، کێ هەیە لەئێمە ناوی (ڕۆستەمی نەوت فرۆشی) نەبیست بێت کە هونەرمەند لەو سەردەمانە ڕۆلی بینیوەو بەرامبەر بەدوژمنانی نەتەوەیی هەڵوێستێکی وا مەزنی هەبێ، لەکاتێکدا دڵنیام ئەو کات ئەو بەناو سەرکردەو سەرۆکانە هەر نەیانزانیوە کوردایەتی چیبووە، بەڵام ئەمڕۆ بوونتە سەرکردەو سەرۆك و بەرپرسی باڵا بۆ ئەوەی نازی هونەرمەندە عەرەب و تورك و فارس-ەکان بگرن، کە بەدرێژایی مێژوو دوژمنی سەر سەختی کورد بوون، ئەگەر ئەم نەوتەی هەرێمی کوردستان و ئەو نابەرپرس و سەرکردە گەندەڵانە نەبن ئەوانە هیچ کات کوردیان بە مرۆڤیش دانەناوە، بەڵام ئەمڕۆ بۆ بازرگانی و خواردنی قوتی خەڵك هەر ڕۆژەی بەناو هونەرمەندێك دێنن و پێشوازی لێدەکەن و خۆیان هێندە سوك نیشان دەدەن کە مرۆڤ حەز دەکات لەکوردبوون دایانمالێت و ئەو جۆرە مرۆڤانە لەکورد بوون بسڕێتەوە..
ئەو سەرۆك و سەرکردانەی ئێستا پێشوازی لەهونەرمەندە عەرەبەکان دەکەن و بەکۆمەڵێك دیاری و ڕێز لێنان و ئەوەندە خۆیان لەبەردەم هونەرمەندەکان سوك دەکەن، کەچی هونەرمەندانی ئێمە ناتوانن بگەن بەبچوکترین بەرپرسی گەندەڵ!، ئەوانەی ئێستا حوکمی وڵات دەکەن ئەو وڵاتەی بەخوێنی هەزاران شەهیدی تێدا ڕژاوە، ئەمڕۆ دەبێنین بەهۆی بەرپرسانی نابەرپرسی هەرێم کەسانی وا تێیدا سودمەند دەبن و پێ لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان دادەنێن، کە هیچ کات نەیانویستوە ناوی کورد ببیستن و هەمیشە دوژمنی کورد بوون، دەبێ ئێوە چەندە بێ ویژدان بن کە دەبێنن ئەو کەلە هونەرمەندەی لەساڵی هەشتاکان لەزنجیرە درامای (ژاڵە) ڕۆلی مامۆستا هێمن-ی هەبوو ئێستا لەگەڵ مەرگ دەجەنگێ و تەندروستی لەو پەڕی خراپیە، کەچی ئێوەش بێ شەرمانە پێشوازی لە(راغب عەلامە)یەك دەکەن کە هەمیشە دوژمنی کورد بوون، کوا چارەنوسی ئەو (18) کچەی میسر و قوربانیەکانی تر؟!.
سەرۆکی هەرێم و حکومەت و وەزیرە نا وەزیرەکان و بەرپرسە باڵاکان چۆن شەرم لەخۆتانەوە ناکەن وەك بەچکەی پەرەسێلکە دەمتان لەبەرامبەر هونەرمەندێکی وا کردۆتەوەو دەڵێی بەژیانتان ئاوەدانیتان نەبینیوە، ئاخر دەزانی جێگای شەرمەزارییە بەمشێوە دەردەکەون و ئەم هەموو پاسەوان و ئوتومبێلە بەدوایەوە دەکەون، شەرمەزار تر لەوێنەکان دەردەکەون، ئێمە بەلامانەوە گرنگ نییە چۆن خۆتان سوك دەکەن، بەڵام خەمی ئێمە ئەوەیە کە قوربانی ئێمە دەیدەین و شانازی بەکوردبونی خۆمان و خاکمان دەکەین، کەچی ئێوەش هێندە خۆتان بچوك کردۆتەوە بەرامبەر بە بێگانە خەریکە شەرم لەکوردبونی خۆمان بکەین.

ئەو کاتەی هونەرمەندی مەزن مامۆستا (جیهاد دڵپاك) بەدوژمنانی کوردی دەوت: ئەوە خاکی ئێمەیەو دەبێ مناڵەکان فێری خوێندەواری بکرێن و دژی زوڵم و ستەم بوون، ئێوە لەکام وڵات خۆتان لەترسی (سەربازی) شاردبۆوەو نەتاندەویست کوردیش بن؟! هونەرمەندێکی وا مەزن ئێستا لەنەخۆشخانە بێنازی ببینرێت و ئێوەش خەریکی هونەرمەندێکی عەرەب بن؟ بەڵێ ئێوە کۆن و ئێستاش هەر خۆتان بەرامبەر بە بێگانە بە کەم زانیوە هەتا خاوەنی کەسانی وەك ئێوەش بین ناگەین بەهیچ ئامانجێك، چونکە دەبوو ئێوە لەخزمەتی هونەرو هونەرمەندانی نەتەوەکەتان بن نەوەك وەك خزمەتکارێك بۆ ناهونەرمەندەکانی بێگانە بوەستن.
لەمەودوا دەبێت بەو سەرۆك و سەرکردەو بەرپرسانە بڵێین بوەستن ئەم کوردستان بەتەنها خاکی ئێوە نییە، نابێ بەمشێوە خوێنی شەهیدو قوربانیەکانمان سوك بکرێ و ئێوە بەهەوەسی خۆتان خاکمان ئاوەڵا بکەن بۆ بێگانەو نازو فیزمان بەسەر بکەن، لەکاتێکدا دەیان هونەرمەندمان هەیە کە تەواوی تەمەنیان بەهونەری کوردی و نەتەوەکەیان بەخشیوە بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد لەدەست زوڵم و ستەمی عەرەب و فارس و تورك رزگاری بێت، ئەمڕۆش هونەرمەندێکی مەزنی وەك (جیهاد دڵپاك) لەنەخۆشخانە کەوتوەو کەس ناچێت بەلایەوە، سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری رۆشنبیری و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و لەسەر مێز کۆببونەوە لەگەڵ راغب عەلامە، پارێزگاری هەولێریش وەك ئەوەی هەنگوینی لەداری بێبەر دۆزیبێتەوە ئامادە ئاهەنگەکانیش دەبێت، لەکاتێکدا هەمووی لەسەر قوتی ئەم خەڵکەیە، گەر ئێستاش مێژوو ئەم رۆژە رەشانەتان نەنوسێتەوە، ئەوا لەداهاتوو دەینوسێتەوەو مێژوو رەحم بەکەس ناکات، سەرۆك و سەرکردەو نابەرپرسەکانی هەرێمەکەم.

من لەبەرامبەر مەزنی هونەرمەندی مەزن "جیهاد دڵپاك" تەنها وەك وەفایەك ئەو چەند دێرەی پێشکەش دەکەم:

ژیانی تۆ..
هەر بۆ ئازادی
خاك و نەتەوە بوو
بەدڵێکی پاك
بەخوێنێکی پاك
بەهەناسەیەك پاك
بەئامانجێکی پاك
بۆ ئازادی و سەربەخۆیی
ژیانت بەخشی
دڵپاکەکەی کوردستانم
سەردەمانێ..

لەسەنگەری دوژمنان بووی
ناوی کورد بوون قەدەغە بوو
وە لێ ئەفسوس
هەر ئەوانەی دژی کورد بوون
ئەمڕۆ حوکمرانی دەکەن

لێیانگەڕێ دڵپاکەکەی کوردستانم
ئەوان بۆ سەروەت و سامان
بێگانەش بێت دەیپەرستن
بۆ گەرمی گیرفانەکان
خزمەتی کۆیلەش دەکەن
لێیانگەڕێ...

تۆ هەر بۆنی خاکت لێ بێ
ئەوان هەر بۆنی بێگانە
تۆ هەر خوێنت نەتەوە بێ
ئەوانیش هەر پوڵ و پارە
تۆ بۆنی گوڵت لێ بێ
ئەوانیش بۆنی خیانەت
تۆ هەر بەمیهرەبانی بی
ئەوانیش هەر خوێن رێژ بن
تۆ هەر بۆ ئازادی تێبکۆشە
ئەوان هەر دژی ئازادی
تۆ لەخوێن و دڵی ئێمە بمێننەوەو
لەسینەی خاك بخەوە
ئەوانیش هەر بەکۆیلەی
بێگانە دەمێننەوە!.

کەنەدا/ئەلبێرتا
دەریا رەواندزی